# نابێت ئافرەت ماتەمینی ڕابگەیەنێت زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بەهۆی (مردنی) مێردەکەی نەبێت: چوار مانگ وده ڕۆژ، نابێت جلی بۆیەکراو لەبەر بکات، مەگەر جلی عەسب نەبێت، ونابێت بۆن لەخۆی بدات مەگەر پاش پاکبوونەوە نەبێت: دەتوانێت کەمێک لە قست وئەزفار لەخۆی بدات

لە ئوم عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت ئافرەت ماتەمینی ڕابگەیەنێت زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بەهۆی (مردنی) مێردەکەی نەبێت: چوار مانگ وده ڕۆژ، (لە کاتی ماتەمینیدا) نابێت جلی بۆیەکراو لەبەر بکات، مەگەر جلی عەسب* نەبێت ، ونابێت بۆن لەخۆی بدات مەگەر پاش پاکبوونەوە نەبێت (لە سووڕی مانگانە): دەتوانێت کەمێک لە قست وئەزفار** لەخۆی بدات». *(عەسب: (جۆری جلی ناسەرنجڕاکێشی یەمەنیە)، **(قست وئەزفار: جۆرێکن لە بۆن

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە نەهی کردنی تێدایە لە ئافرەت سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ماتەمینی لەسەر مردوو زیاتر لە سێ ڕۆژ، چونکە سێ ڕۆژ بەسە بۆئەوەی مافی کەسی نزیک جێبەجێ بکرێت ودڵنەوایی ئەوانە بدرێتەوە کە غەمبارن، بەمەرجێک مردووەکە مێردی نەبێت، ئەگەر مێردی بوو ئەوا ئافرەتەکە دەبێت چوار مانگ وده ڕۆژ ماتەمینی ڕابگەیەنێت، ئەمیش وەکو جێبەجێکردنی ئەو مافە مەزنەی کە لەسەری هەبووە، وهەروەها بۆ هەژمارکردنی ماوەی مانەوە (عیدەت) کە لە شەریعەتدا دیاریکراوە. ماتەمینی لێرەدا واتا نابێت ئافرەت خۆی بڕازێنێتەوە بە بۆن وکل وشتی ڕازاوە وجلی سەرنجڕاکێش، ئەم ماتەمینیە تەنها بۆ مردنی مێرد واجبە، بۆ مردنی کەسە نزیکەکانی دەتوانێت سێ ڕۆژ ماتەمینی ڕابگەیەنێت ئەگەر ویستی لێی بێت. بەڵام لە کاتی ماتەمیندا ئەگەر ئافرەت جلێکی ڕەنگا وڕەنگ بپۆشێت کە بۆندار نەبێت بە زەعفەران وبۆنی تر ئەوا ئاساییە. وئەگەر ماوەی (عیدەکەی) نەما وپاکبوویەوە ئەوا پارچە قوماشێکی بۆندار دەدات لەسەر دامێنی بۆئەوەی بۆنی ناخۆشی ئەو شوێنە نەمێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6086

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee